# ئادرنۆ
# فەیلەسوفی بێرەحم

و. جەمال هەڵەبجەیی



تیۆدور ئادرنۆ یەکێکە لە فەیلەسوف و رەخنەگرانی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیی و پاش جەنگی جیهانی دووەم، ئەو لە دەیەی 1960 دا دیارترین رەخنەگری فەلسەفی زانستی کارل پوپەر و فەلسەفەی وجودی مارتین هایدگەر بوو.

یورگن هابرماس یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیانی پاشی جەنگی 1970 قوتابی و هاوکاری ئەوبوو. سنوری کاریگەری ئادرنۆ، تا ئەندازەیەك لە تایبەتمەندی نێوبابەتی لێکۆڵینەوەکانی ئەمەوە سەرچاوە دەگرێت. ئادرنۆ لە رەخنەگرانی جدی کەلتورە فەلسەفییەکانی رۆژئاوا، بە تایبەت لە کانت بە دواوە کۆنگرەی هاوچەرخی رۆژئاوا دەژمێردرێت.

ئادرنۆ لە 1930 لە ئەڵمانیا لە دایکبوو، لە 1934 لە ماوەی دەسەڵاتگرتنە دەستی نازییەکاندا، لە ئۆکسفۆردو نیورك و کالیفورنیای باکور نیشتەجێ بوو.

لەم قۆناغەدا چەندین کتێبی نوسی، کە بوونە هۆی ناوبانگی ئەو، لەوانە کتێبی رۆشنگەری لەگەڵ (ماکس، هورکهایمر، فەلسەفە مۆسیقی مۆدێرن و کەسایەتی کامڵخواز، لە ساڵی 1949 گەڕایەوە بۆ فرانکفۆرت و بەشێك لە گروپی فەلسەفی لەئەستۆگرت، لەوێ خێرا خۆی



ئادرنۆ

وەك بیریارێکی پێشرەو و روخساوی سەرەکی لە دەزگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا سەلماند، ئەم دەزگایە لە ساڵی 1930دا هور کهایمر سەرپەرەشتی دەکرد. دواتر لە هەناوی ئەم دەزگایەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت دروستبوو، ئادرنۆ لە 1985 دا بوویە سەرۆکی دەزگاکە.

لە دەیەی 1950 بەرهەمێکی دیکەی بڵاوکردەوە، کە ناوبانگی ئەوی زیاتر کرد، لەوانە (لە شوێنگەڕانی وانگەر)، تیایدا رەخنەی لەو مۆسیقارانە دەگرت، کە لایەنگەری ئایدۆلۆجی نازییەکانن، لە دژی ئەبستەۆلۆجی کە رەخنەیەکی بنەماخوازانەیە لە سەر دیاردەناسی هۆسرۆڵ، بەرگی یەکەمی یاداشتەکانی لە سەر ئەدەبیات، کە بریتیبوو لە کۆمەڵە وتارێك لە مەڕ رەخنەی ئەدەبی.

کتێبی (دیالیکتی نەفی) بەرهەمی گرنگی ئادرنۆ لە سۆسیۆناسی ومیتافیزیکدا لە 1966 و کتێبێکی دیکەی گرنگی ئەو بە ناوی (تیۆری جوان ناسی، لە ساڵی 1970 بڵاوکرایەوە، ئادرنۆ لە 16ی ئۆگۆستی 1969 لە ئاکامی وەستانی دڵەوە مرد. گرنگترین کتێبی ئادرنۆ بریتییە لە (دیالێکتێکی رۆشنگەری) شیاوی ئەوەیە زۆر بخوێنرێتەوە و قسەو باسی لە بارەوە بکرێت.

ئەوەی کە لە خوارەوە دێت راپۆرتێکە دەربارەی وتارێکی (بابەك ئەحمەدی) کە دەربارەی بیروبۆچونەکانی تیۆدور ئادرنۆ دیالیکتێکی رۆشنگەریی لە کۆلیجی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی تاران پێشکەشیکردوە.

ئەگەر چی ئەحمەدی لەو کەسانەیە، کە بەر لەمە لە هەندێ لە بەرهەمەکانیدا باسی لە ئادرنۆ کردبوو، ئەحمەدی لە سەرەتای وتەکانیدا ئادرنۆی بە فەیلەسوفێك وەسفکرد کە لەو دەستە رۆشنبیرانەیە کە بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، بە ناوبانگن و لە فەلسەفەوە نزیکترە و دەشێت بەر لەوەی کە ئەو بەزانایەکی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، یاخود بە رەخنەگرێکی هونەری وەسفبکرێت بە فەیلەسوفێك ناوبرێت.

چونکە هیچ کام لەو بیریارانە بەو ئەندازەی ئادرنۆ لە فەلسەفەدا بۆ چوون و نەبە ئەندازەیی ئەو حەز و ئارەزویان لەم بارەوە نیشانمداوە، ئادرنۆ هەرچەندێك کە لە مەرگەوە نزیکتر دەبوویەوە، زیاتر کاری فەلسەفی ئەنجامداوە، گرتگترین کاری ئەو لەم زەمینەیەدا، دیالێکتێکی مەنفی بوو کە لە کۆتایی تەمەنیدا دەنووسی و ئەم کتێبە بە ناسێنەری بیر و بۆچونە فەلسەفیەکانی دەژمێردرێت. ئەحمەدی سەبارەت بە پەیوەندی ئادرنۆ بە فەلسەفەوە، دەڵێ" رەنگە هەر ئەم پەیوەندییەی ئەوە بە فەلسەفەوە، بوو بێتەهۆی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی قورستر و قوڵتر و ئاڵۆزتر بوویێت لە فەلسەفەکانی دیکە و درەنگتر قابیلی لێتێکەشتن بێت، شێوەی وێناکردنیشی زۆر ئاڵۆزە و ئەم ئاڵۆزیەش لە زمانی ئاڵمانیدا پێشینەی هەیە، ئەم شێوەیەش لە ئەندێشە و بەرهەمەکانی ئادرنۆدا زیاتر کاریگەری هەیە و ئەم شێوەش لە ئەندیشە و بەرهەماکانی ئادرنۆدا زیاتر کاریگەری هەبووە. ئەگەر جۆری بیرکردنەوەی مارکوزە، لەگەڵ ئادرنۆ بەراوەرد بکەین دەبینین مارکوزە چەندێك هەوڵیداوە، تا باسەکانی هەمووی ئاسان و جێگەی لێتێگەشتن بێت و لە هەموو شوێنێك، کە هەستی کردبێت، باسەکەی ئاڵۆزو دور و درێژە، بە نوسینی پەراوێزی دوور و درێژ بسەکانی هەموار کردن. هەر لە بار ئەمە، زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە قوتابخانەی فرانکفۆرت ئاشنا بوون و بەرهەمی مارکوریان خوێندەوە، بە دەگمەن رویان لە ئادرنۆ کردەوە، بە کورتی ئاردنۆ سخت نوسی و درەنگ لێتێگەیشتنی بابەتەکانی، بە کەڵکی تێگەیشتنی دەقی کارەکانی دێت، ئەو تێڕوانینێکی ئەشرافی و ئەستۆکراتیانەی بۆ فەلسەفە هەبووە، کە من وای بۆ دەچم هەمووان دەرك بە بەرهەمەکانی نەکەن و ڕەنگە بە ئەنقەستیش ئەم کارەی کردبێت، پەیوەندی ئەو بە فەلسەفەوە، ئاڵۆزی بەرهەمەکانی و ئەو بابەتانەی کە ئەو خستیەتیە روو دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئێمە دوور لەم خاڵە بکەین کە ئادرنۆ لە هەموان ئەمرۆیی ترە: ئەحمەدی لە

درێژەی وتارەکەیدا ئاوڕی لە زەمینە و ژینگەی گەشەکردن و کامڵبوونی ئادرنۆ دایەوە و وتی: ئادرنۆ لە ژینگەی زانکۆیی ئەڵمانیای نیوەی سەدەی بیستەمدا بوو. ئەو لە سەرەتادا لە ژێر کاریگەری (نەوکانتیەکاندا) بووە و پاش ماوەیەکی کورتیش، لە ژێر کاریگەری هوسرل دا بوو، پاشای لێکۆڵینەوەی (کی یر) کە گۆڕی، ئەوەی لە هەرسلەوە خستە بەر ڕەخنە و هەر لەم ساڵانەدا هەر لەم بارەوە و چەند بابەتێکیشی نووسی، ئاشنابوونی بە (هەرلهایر) بووە هۆی ئەوەی کە بەرە و تیۆری کۆمەڵایەتی بڕاون، لەو ساتەدا هۆگری فرۆیدیشی بوو، زیاتر لە بارەیانەوە بە هۆی لێکۆڵینەوەی لو گاچەوە، هۆگری تەفسیرکردنی بیر و بۆچوونەکانی مارکس بوو. کاریگەری ئەم راڤەکردنە لە هەموو ژیانیدا مایەوە، بەڵام وا دێتە پێش چاو، کە نازییەکان دەسەڵاتیان بە دەستگرتبوو، ئادرنۆ و هەرکهایمرو دۆستەکانی دیکەیان لە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی فرانکفۆرت کاریاندەکرد، بابەتی سەرەکی جێگەی حەز و ئارەزووی بابەتی کۆمەڵایەتی و پەیدا کردنی تیۆریەکی کۆمەڵایەتی بوو. دۆستایەتی ئەم دوانە، تا وەکو لێداری مەرگ مایەوە. دۆستایەتیەکی فکری قوڵ بوو کە وێنەی ئەو دۆستایەتیە لە مێژووی فکردا کەمبوو، کاتێك کە باس لە ئادرنۆ دەکەین، لە زەمینەی رۆشەنگەریدا دەبێت، ئەمەمان لە بەر چاو بێت، کە دیدی هەرکهایمریش بە هەمان شێوە بوو، کاتێك کە هیتلەر لە ساڵی 23 هاتە سەر دەسەڵات بۆ ماوەیەکی کورت هەموو چالاکیەکانی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە و کۆمەڵایەتی بەها، ئەحمەدی ئاماژەی بۆ هەمان کتێبی (دیالێکتی رۆشنگەری) کرد وتی: ئەم کتێبە لە بارەی ئەفسانەیەکەوە، یەکێکە گەشەی فکری ئەو سەردەمی ئەمریکاوە عوسڵەی هاوڕێ نییەو رەخنەگەلێك هەڵدەگرێت، بە هەرحاڵ وا دێتە پێش چاو بەشی زیندوی فەرهەنگی ئادرنۆ لەم کتێبەدا رەنگی دابێتەوە. ئەم کتێبە لە ئەمستردام بڵاو کراوەتەوە و ئاورتوشی خۆی پێشەکیەکی بۆ نوسیەوەو لەو پێشەکییەیدا راگەیاندوە، کە ئەگەر بڕیار بێت ئەمڕۆ تەنها سێ ساڵ سەر نوسینی کتێبەکەدا تێپەڕ بێت و بابەتەکانی کتێبەکە راست بکرێنەوە، ناچارین کە کتێبێکی دیکە بنووسین و ئەم پێشنیارەی ئەوە بوو، کە یەك فەیلەسوفی گەورە چۆنچونی فکری کامڵ دەبێت، کەسێك مادەم لە عەقڵی خۆی بالاتر دەروات، کاتێك کە ئەم حاڵەتەی لەگەڵ بێ، بیر و بۆچوونەکانی ئێمە بڕیاریەکانی وڵاتی خۆمی بەرداوکەین دەبینین کە بەوە ناداری لە سەر یەکە بیروارا لە سەردەمی، لاوێتی تاوەکو کەناری مەرگ دەقێنێتەوە و هەر جۆرە گۆڕانکاریەك لە بیر و بۆچوونیان بە نوقسانی دادەنێن و تێدەگەین، کە ئەم دوایە چەن لە یاکەی جیاوازن، بەرهەمێکی دیکە کە ئادرنۆ نوسی بە یەك واتا بریتی بوو لە تەواو کردنی ئەم کتێبە و لایەنە جیاوازەکانی ئەم کتێبە زۆر کاتەوە، ئادرنۆ



هیتلەر

کتێبی دیالێکتێکی مەنفی بۆ ئەوە نوسی، کەلایەنەکانی دیالێتێکی رۆشەنگەری روت بکاتەوە و وڵامی ئەو رەخنە زارەکیانە بداتەوە، کە ئاراستەیکراوە. بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو رەخنانە بەو شێوەیە بوو، کە دەرکی ئادرنۆ بۆ دیالیکتێك ناسازگاری و ناچاریان دەکرد، کە وڵامی ئەم مەسەلانە بداتەوە ژینگەی سەرەکی ئادرنۆ تیادا گەشەی کرد هەمان ژینگەی دوای (10) ویلهلمی ئەڵمانیا بوو، کەتانو و بۆی کۆمەڵایەتی دەخستە ئەستۆیەوە. زانکۆ لەو سەردەمەدا، تەنها ژینگەیەك بوو کە رێگەیان بە هەموو کەسێك نەدەدا، تەنانەت (بنیامینیش) نەیدەتوانی دەرسی تێدا بڵێتەوە، ئادرنۆ هاوڕێی لە گەڵ هەرکو هایمەر لەو سەردەمەدا تیۆریزەی رەخنەگرانەی کۆمەنگەی دەکرد، کە بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ تێگەیشتنی باوی بالادەستی رۆژگار جیاوازی هەبوو. ئەم کتێبە بە ئاسانی نامانگەیە نێتە ئاکامێك، لەو کتێبانەیە کە کاتێك خوێندیەتەوە، بڵێت مەبەستی نوسەر ئەم بووە. کاتێك کە ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە چەندین جار دەگەڕێتەوە بۆ لاپەڕەکانی پێشوتر، یاخود پاش ماوەیەکەوە دەربارەی کتێبەکە دەخوێنێتەوە، چەندین شتی وەك ئێنتەرنێت و دەیدۆزیتەوە کتێبێکی کەم هەیە، لە فەرهەنگی مۆدێرندا لە بارەی گوڤاری مودێرنیشەوە نوسرابێت و بەم شێوە ناوەڕۆ کەیبێت. دەتوانرێت ناوی چەندین بەرهەمی گەورە بیرێت لە فەرهەنگی ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەهەم، کە رۆشن نەبێت، بەڵام بەم شێوە نەبوون، تۆ کاتێك وتاری یەکەم دەخوێنیتەوە کە سی لاپەڕەیە، ناتوانیت بە یەکجاری بڵێت کە نووسەرانی دەڵێت، رۆشەنگەری لە شەڕی ئەفسانە رزگاری نابێت. تۆ لەم کتێبەدا دەست و پەنجە لە کەڵێ دیالێکتێکدا نەرم دەکەیت، تا کە دژایەتی سونەتی ئێرانیەوە، سەروتاری لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکدایە، کە دەرەنجار گیری کۆتایی تێدانی لە هەمانکاتدا ئەم کتێبە چەندین لایەنیشی هەیە، کە راستگاروانە تۆ دەتوانیت بە دڵنیاییەوە بڵێت، کە نووسەران ئاوەهایان وتووە. بۆ نموونە تیۆریەك کە لە بارەی فاشیر مەوەیە. کاتێك کە کتێبەکە نوسی جەنگرد بە کۆتایی گەیشت و چارەنوسی نان سیم دەکەوت و دەتوانرێت پێشبینی بکرێت، کە شتێکی دیکە لە جیهان و ئەوروپا دروست دەبێت، نووسەرانی کتێبەکەش کەسانێك بوو، من گەڕامەوە بۆ ئەڵمانیا و تامەزۆری ئەم بۆ من، کاتێك نازیسم هەرەس دێنێت، لە وڵاتی خۆیدا بێت، ئەوڵ دووبارە گەڕانەوە بۆ هەمان شار و هەمان کۆلیژێك، کە خاوەنی ئەنجومەنی بوو، بەرهەمەکانیان بە ئەڵمانی و بۆ خوێنەرانی ئەڵمانی نوسی، وا دێتە پێشی چاو، کە نووسەرانی کتێبەکە کە دوای نازیسم نەبێت، دەبوو وێنایەکیان هەبووبێت.

**سەچاوە جام جم**